**ئێمە و تیئاتر**

تیئاتر لە بنەمای خۆیدا میدیۆمێکی ڕۆژاوایییە؛ بە ڕەگەز ڕۆژاوایییە و لە سەر بنەمای ئەندێشەی» دیالۆگ ـ تەوەر«ی یونانی سەقامگیرە .بەرهەمی نەریتێکە کە بە پێی مەراسم و ستایش گەلی مرۆڤانەی بە تەواوی» ئایین ـ مێحوەر «و» ئوستوورە ـ ئەندێش«ی یونانی دامەزراوە . هەروەها بەرهەمی سیستماتیکی کۆمەڵگایەکی چەند توێژییە کە لە دوو شەڕی یەک لە دوای یەکدا سەرکەوتووانە گەڕابوونەوە و سامان و دارایی وەک باران بە سەریاندا باریبوو .هەر ئەو چەند لایەنە جیاوازە ئایینی، دەروونی، مەزهەبی و کۆمەڵناسانە، هەوێنی زایینی سیحراویی تراژێدییان پێکهێنا و بزووتنەوەیەکی بێ پسانەوە و نەریتانەی لێ کەوتەوە کە بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە، سنوورەکان دەسڕێتەوە و زمانەکان دەستەمۆ دەکا و دەگەڵ هەر ساتێک، باری هەراو بوون و بەربڵاو بوونی ئەو گەڕیانە لە دەڤەری» فەلسەفی ـ جوانیناسی «ڕۆژاوادا پتەوتر دەبێ .هەڵبەت لە پەنا ئەو ڕەوتە ڕۆژاوایییە، ناتوانین پێگە جۆراوجۆرە شانۆیییەکانی ڕۆژهەڵات) نۆو و کابووکی ژاپۆنی، تەعزیەی ئێرانی و (... لە بەر چاو نەگرین .ئەو ڕەوتەی دەرفەتی گەشە کردن و گەیشتن بە پلەی تیئاتری بۆ نەڕەخساوە ـ هەڵبەت ئەوە وەک تایبەتمەندییەک چاوی لێ دەکرێ نە وەک کەمایەسییەک ـ هەر بۆیە هەنووکەش لە تاک ـ دەڤەری و هەبوونناسی مۆنۆلۆگدا ماونەتەوە . تێپەڕ بوونی سیستماتیکیی ئەندێشەکان لە ڕوانگەکان و سەبکە جۆراوجۆرەکانەوە بەرەو شێوازەکانی تر و بەستێنی ڕوانگە نوێترەکانی ڕۆژاوایی، نەریتێکی دراماتیکیان دامەزراند کە مخابن ئەم نەریتە لە نێو ئێمەدا هێشتا سەری هەڵنەداوە.

ئێمەی بە درێژایی چەند سەدە بێ بەش لەو نەریتە، لە ناکاو مێدیۆمێک هەمبەرمان قووت بۆوە کە بەبێ ئەوەی ئەزموونی مێژوییمان لێی هەبووبێ، خۆی بە پتەوی لە بەرامبەر ئێمەدا دەرخستووە . دوو ڕێمان لە بەرە:

ـ لە بەر چاو نەگرتن و حاشا کردن لەو مێژوویە کە هیچ ئەزموونێکمان بەرامبەری نییە.

ـ خۆ بە دەستەوە دان و پەسند کردنی بێ کەموکووڕی ئەو دیاردەیەی کە لە ڕۆژاواوە بە سەرماندا سەپاوە .

هەموو ئەوانە لە لایەک و ئەو ڕاستینەش لە لایەکی ترەوە:

ئاخۆ مەگەر هونەر دەروویەک بۆ ئەندێشە، دەربڕی ئاوات و تاسە، شادی و ئازارەکانی مرۆڤ نییە؟ کە وا بێ کوردیش وەک مرۆڤ بۆی نییە لەو پتانسییەلە بەهێزە وەک هەوێنی ئەندێشە و

کەرسەیەک بۆ وەدیهاتنی ئاوات و دەربڕینی هەستەکانی ڕوو وەرگێڕێ، هەر بۆ یە نیازی بە تیئاترە وەک سیستمی گشت  سیستمە ڕاگەیەنەرەکانی هونەری .هەروەها عەقلانییەتی کەونارای ئوستوورەیی ئێمە سەرەڕای حاشا لێکردن و ڕوو وەرگێڕان، هەمیسان لە ڕووحی نەتەوەیی و حافزەی بە کومەڵی کوردیدا لە گەڕیاندایە .ئەم عەقلانییەتە لە دەڤەرەکانی جۆراوجۆر و جیاوازدا بۆتە بنەمای ئایینە شانۆییەکانی کوردی کە سالگارێکە لە پەنایاندا دەژین و فەرهەنگی ئێمە پەسندی کردووە .هەمووی ئەو مەراسم و ئایینە مێژوویی‌یانە لە بیچم و فۆڕمی تایبەتدا وەک میرمیرێن، سێکۆسە، بووکەبارانە، هەتەرێومەتەرێ، بەیت، حەیران و حیکایەت، سەما و هەڵپەڕکێ، شینگێڕی کە بە هۆی مەکتووب نەبوونیان، ڕەنگە بەشێکی بەرچاویان بە ناتەواوی گەیشتبنە ئێمە.

ئەوەی گرینگ بوونی ئەو کێشەیە زەقتر دەکاتەوە، ویست و داخواز و پێداویستی و ئەندێشەگەلی تایبەتن کە لە زەینی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگیان داوەتەوە .بێشک کولتوور و هونەر بەهێزترین ئامرازی دەربڕینی سەرلەنوێی ئەو بابەتانەن و بێ گومان تیئاتر لە گرینگ‌ترینی ئەم ئامرازانەن.

کێشەی نێوان فۆڕم و نێوەرۆک لەو ناوچە جوغرافیایی‌یەدا، گەلێک بەسلمترە لەو کێشەیەی کە لەو بوارە لە ڕۆژاوادا هەبووە .بەو پێیە تەنیا ڕێگەچارەی ئێمە سەرنجدانێکی دوو لایەنەیە بە ئەندێشەگەری و ڕوو کردن لە بۆچوونی زانستی و ئاکادێمیک بۆ بەرهەم هێنانی خۆماڵییە .یەکەم پێداویستی پەسند کردن و ناسینی دەقاودەقی فۆڕمە ئیجرایی‌یەکانە و لەویش گرینگ‌تر جوانی ناسیی سەرینچاوەی ئەو فۆڕمانەیە .دووەم پێداویستی بەبێ شک ناسین، توێژینەوە و ئافراندنی تیئۆری نمایشی سەربەخۆی کوردییە؛ هەروەها ناسینێکی بەربڵاو لە زانستە جۆراوجۆرەکان لە دەروونناسی و کۆمەڵناسی‌ڕا بگرە هەتا ئوستوورەناسی و نیشانەناسی .بەم چەشنەیە دەتوانین تیئاترێکی خۆماڵی بخولقێنین و ڕەنگە لە داهاتوویەکی نە هێندە دووریشدا، لە پەنا بەرهەم هێنانی نێوەڕۆکێکی خۆماڵی، لە پێگەی بەرهەم هێنانی فۆڕمە شانۆیی‌یەکانیشدا خۆمان ببینینەوە . لەوانەیە بەم جۆرە تیئاتری کوردی فرچک بگرێ.

بەختیار پەنجەیی